# ڕۆشنبیری مۆدێرن و عەلمانی کورد
# لەهەناوی سەلەفیەتگەراییدا

حەسەن جودی
Hesen_cudi@yahoo.com

بەمەزەندەی من پێویست دەکات سەرەتا گومان لە هەبوونی کائینێك بەناوی "ڕۆشنبیری مۆدێرن و عەلمانی کورد" بکەین و بپرسین: کائینێکی بەمجۆرە لە کایەی ڕۆشنبیریمان بەدیدەکرێت؟ ئەگەر ئەرێ، کەواتە پرۆسەیەکی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەریانەی کورد لە ئارادایە و لەگەڵ سەلەفیەتدا لە نێو ململانێی زیهنی ـ چالاکڤانیدا ئاراستەگیر بووە، ئەگەرنا، کەواتە نەك قسەکردن لەسەر "سازشکردن"ی ئەو کائینە، بەڵکو قسە لەسەر بۆچی ئەو کائینە ژیانییە لە دایك نەبووە؟ یاخود بۆچی وا بە گۆجی و سەقەتی هەناسە دەدات؟! تەنانەت ئەو گومانە دەمانگەیەنێتە وێستگەیەکی دیکەی پڕ لە پرس و گومان، کە داخوا "ڕۆشنبیر" چ کائینێکە لەم کۆمەڵگایە مێگەلکراوەدا؟! ڕەنگبێ ئاراستەگیربوونی پرس و گومانمان بەو ئاقارەدا بمانگەیەنێتە هەندێ ڕاستینەی تراژیدیتر.

بەر لە هەموو شتێك، سەلەفیەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، تەنانەت لە تەواوی خۆرهەڵاتی ناویندا "ڕەوت"ێك نییە دەرکەوتبێت و پڕۆژەی ململانێیەکی لەگەڵ کۆمەڵگایەکی مەدەنی ـ گریمانکراو ـ ی دەستپێکردبێت، بەڵکو کۆمەڵگاکە خۆی کۆمەڵگایەکی سەلەفیەتگەراییە و سەرتاپای پانتایی و ڕووبەری کۆمەڵگای ڕەنگرێژکردووە و توانست و کەلەبەری بۆ پەرەدان بە پڕۆژەیەکی کۆمەڵگای مەدەنی نەهێشتۆتەوە. ئیدی ئەگەر بپرسین: داخوا ڕەوتێك بە ئاراستەی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و مۆدێرن دەستپێکردووە یاخود نا، زۆر ڕاستتر و بەهێزترە لەوەی بپرسین تا چەندە پرنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەبەرامبەر "ڕەوتی سەلەفیەت" تەرجەمە دەکرێ و تا چەند ڕۆشنبیری مۆدێرن و عەلمانی لەمەدا سازش دەکات یاخود نا.

ئیدی دەبێ لێرەوە و لەم خاڵەدا دەست بە لێکدانەوە و پرسەکانمان بکەین، چونکە مێگەلبوونی کۆمەڵگا ڕێگە بە هیچ لێکدانەوە و پرسی دیکەمان نادات. ئەوەی مێگەلبوونیشی گەیاندۆتە ترۆپك سەلەفیەتگەراییە. سەلەفیەتگەراییش ئەو ئەقڵییەتەیە کەوا غەیبانییەت و شەماتیك و دۆگما پێکهاتەکەیەتی و لە ئاکامدا کۆمەڵگایەکی قەدەرگەرا دەئافرێنێ، لە سروشتی کۆمەڵگایەکی قەدەرگەراشدا مێگەلبوونی ڕەها هەیە. واتە لە هەناوی خۆیدا ڕێگە بە کائینێك نادات ناوی "تاك" بێت. ڕۆشنبیریش بەرهەمی تاکێتی "الفردانیە" و تاکڕەوێتی "الفردیە"یە. لە کۆمەڵگای مێگەلاویدا تاك "ڕۆشنبیر" هەبوونێکی نامۆ و نەشازە. کاتێك ئەو هەبوونە بخوازێ بە ناسنامە و تایبەتمەندی خۆی بدوێ و بفکرێ و هەڵسوکەوت بکات، ئەوا مسۆگەر مەحکومی مەرگ و لەناوچوونە. ئیدی لێرەوە "سازشکردن" دەکەوێتە ڕۆژەڤی ئەو کائینەوە. سازشکردن گرگن بوون و سڕینەوەی ناسنامەیە. یاخود خۆ گرگن کردن و بەدێوکردنی بەرامبەرە، دڕاندنی ناسنامەی خود و هەڵگرتنی ناسنامەی بەرامبەرە. یان راستتر بڵێین: کۆمەڵگاکە ناسنامەکەیەتی و خۆی لە ناسنامەی خود بێبەری دەکات.

ئەوەی ڕۆشنبیری کورد تێیکەوتووە ئەوەیە، بۆیە نەك هەر مۆدێرنخوازی و عەلمانیخوازی لە ڕۆژەڤی خۆی دەرخستووە، تەنانەت بێ کیان و ناسنامەیە. ئەمەش تراژیدیاترین ڕەوشێکە ڕۆشنبیر (ئەنتلێجیسیا) تێیبکەوێ. بەمەزەندەی من مەسەلەکە سازشکردنیشی تێپەڕاندووە و گەیشتۆتە ئاستی زێوانێتی بۆ سەلەفیەتگەرایی. بۆیە ڕۆشنبیری نێو کایەی ڕۆشنبیریمان نەك هەر مۆدێرنخوازی و عەلمانیخوازی نەخستۆتە ڕۆژەڤی خۆیەوە و نەیکردۆتە پڕۆژەیەك، بەڵکو خۆیشی

بۆتە فاکتەرێك بۆ بە ڕۆژەڤ نەکردنی پرۆژەیەکی بەمجۆرەش.

بەدەر لەپرۆژە تەواونەکراوەکانی "عەبدولخالق مەعروف" و "د. سەلاح هەورامی" بۆ مۆدێرنکردن و عەلمانیکردنی کۆمەڵگا، پرۆژەیەکی دیکە لەم بەشەی وڵاتدا بەدی نەکراوە. ئەو دوو کەسایەتییە دوو بیرمەندی مۆدێرنخواز و عەلمانیخواز بوون، خاوەن میتۆد و لێکدانەوەی جددی بوون، وەلێ وەك دوو درەختی گوێز بوون لە بیابانێکی وشکەڵاندا، مەرگ پرۆژەکانیان بە نیوەچڵی هێشتەوە و کەس هەوڵی بەردەوام کردنیانی نەدا. مرۆڤ لە ڕووداوی تیرۆرکردنی هەردووکیاندا باشتر لە "سازش"کردنی ڕۆشنبیرانی دیکە تێدەگات. هەردووکیان سازشیان لە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نەکرد، بۆیە چارەنووسێکی تراژیدی کرا بە بەریاندا. ئەگەر لە جوگرافیای دیکەدا "ترس" فاکتەر و کانگای داهێنان و بلیمەت بوونە، ئەوا لەم جوگرافیایەی ئێمەدا ترس بۆتە فاکتەر و کانگای گرگن بوون و دەستبەرداری لە هەر بەهایەك کە پێویستە هەرگیز دەستبەرداری لێنەکرێت. تەنانەت ترس کائینێکی وەك ڕۆشنبیری گەیاندۆتە ئاستێك کەوا ببێتە پارێزوان و زێوانی ئەوەی لێیدەترسێ کە سەلەفیەتگەراییە. ئەمە لە کاتێکدا ڕۆشنبیر کاتێك دەبێتە خاوەن کیان و ناسنامەی خۆی کە ئامادەگی ململانێیەکی جددی لەگەڵ سەلەفیەتگەراییدا هەبێت. ڕەوشی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرە لە ڕەوشی ئەو کۆمەڵگا مێگەلاویە جوداتر نییە کە حەز بە جەلادەکەی خۆی دەکات. چ لەوە تراژیدیاتر هەیە کۆمەڵگایەك حەز بە جەلادەکەی خۆی بکات، چ لەوە سامناکتر هەیە کە ڕۆشنبیر زێوانی سەلەفیەتگەرایی بێت؟!

لە ڕوویەکی دیکەوە، ئەو ئەقڵییەتەی ڕۆشنبیر هەڵگریەتی و پێیەوە بانگەشەی مۆدێرنێتی و عەلمانێتی دەکات، ئەقڵییەتێکە لە دواجاردا بەرهەمی شارستانییەتێکە کە سەلەفیەتگەرایی ئافراندووە و تا ترۆپکی بردووە. ئیدی بەم ئەقڵییەتە تا چەند پرۆژەی مۆدێرنێتی و عەلمانێتی لە لای ڕۆشنبیر گەرا دەکات؟ ئەو چەمك و لۆژیکەی ئەو ئەقڵییەتە ئیشی پێدەکات زۆر دوورە لەوەی ڕۆشنگەری و ڕێنیسانس بکاتە پرۆژەیەکی جددی و کارا. هەروەها ئەو کۆپیکردنەی لە ئەزموونی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری ئەوروپا لە کایەی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئیشی پێدەکرێت، جگە لە لەدایکبوونێکی گرگن و شێواو هیچی دیکەی لێوە بەرهەم نەهاتووە، بۆ نموونە تا ئێستا چەمکی "عەلمانیەت" بە هەمان کرۆك و گەوهەری چەند سەدەیەك بەر لە ئێستای ئەوروپا ئیشی پێدەکرێ، کە ئەو کاتە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە هێز، دەسڕۆیی کڵێسە و ئایین لەمپەر و ئاستەنگ بوون. بۆ تێپەڕاندنی ئەو لەمپەر و ئاستەنگییە عەلمانییەت پێداویستی بوو. کەچی ئەمڕۆ لە جوگرافیایەکی وەك خۆرهەڵاتی ناوین و لە زەمەنێکی تەواو جوداتردا چەمکی "عەلمانییەت" هەمان مەودا و گەوهەر لە خۆوە دەگرێت!! ئەمە لە کاتێکدا کە ئەمڕۆ نەك دەوڵەتێکی بەهێز بەڵکو لاوازکردن و کەمکردنەوەی هەژموونی دەوڵەت لە ڕۆژەڤی مرۆڤایەتی دایە و ئەقڵییەتی دەوڵەتگەرایی زەمەنی مۆدێرن بنکۆڵ بووە و هەوڵی دەربازکردنی دەدرێ. ڕەنگبێ یەکێتی ئەوروپای ئێستا نموونەیەکی بەرچاوبێت. هەروەها ئایین لەوێ مسیۆنێکی هەبوو، لێرەش مسیۆنێکی جوداتری هەیە، ڕۆشنبیری کورد هێشتا بە چەمکە کۆنەکەی عەلمانییەت و مۆدێرنی ئەوروپای چەند سەدەیەك لەمەوبەر کار دەکات.

ئیدی لەمەدا تاکوێ بڕدەکات و تا چەند ڕێنیسانس و ڕۆشنگەرییەك کە تایبەتمەندێتی خۆرهەڵاتی ناوینی هەڵگرتبێ دەبێتە پرۆژەی ڕۆشنبیرانمان؟ ڕاستینەی کایەی ڕۆشنبیری کوردی گومان دەخاتە سەر هەبوونی پرۆژەیەکی بەمجۆرە. ئەگەر ڕۆشنبیری کورد ئەمڕۆ نەك هەر ئامادەگی ئەوەی نییە ململانێ لەگەڵ ئەقڵییەتی دەوڵەتگەرایی و دەسەڵاتخوازی چینی باڵادەست و دەسەڵاتخوازی کورد بکات، بەڵکو بۆتە پارچەیەك لەو دەسەڵاتە و هەڵگری ئەم ئەقڵییەتە. ئیدی عەلمانییەتخوازی چ واتایەك لە خۆوە دەگرێت؟ ئەمە لە کاتێکدا دەوڵەتگەرایی گوزارشتێکی هەژموون و باڵادەستی ئایینگەراییە و جگە لە مێگەلکردنی کۆمەڵگا و سڕینەوەی سیمای تاك هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە، لەم خاڵەدا ـ واتە دەوڵەتگەرایی, کە دەسەڵاتخوازی مەیلەکەیەتی – ڕۆشنبیر و سەلەفیەتگەرایی یەکانگیر دەبنەوە، بەمەش هەر بانگەشەیەك بۆ عەلمانییەتخوازی لە ژێر سێبەری دەسەڵات و بە ئەقڵییەتی دەوڵەتگەرایی جگە لە کوتانی ئاسنی سارد هیچی تر نییە، چونکە بەهێزکردنی ئەقڵییەتی دەوڵەتگەرایی بە واتایەك لە واتاکان بەهێزکردنی سەلەفیەتە. لێرەدا سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی عەلمانییەت پێداویستی هەرە ژیانیی پرۆژەی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەرییە، کە لە ئاکامدا کۆمەڵگایەکی

مەدەنی لێوە دەئافرێنێت.